

موعتەسەم ساڵەیی

# "بیتۆڤی"
# شاعیری هەنگاریی شۆڕشگێڕ

شاعیری ناسراو "شاندۆر بیتۆڤی" لە ساڵی ١٨٢٣دا لە پێدەشتی نێوان هەردوو رووباری "تیسا" و "دانوب" لە دامێنی چیای "ماترۆ" لە گوندی "کیسکۆرۆش" لە دایک و باوکێکی هەژار هاتووەتە دنیاوە. باوکی بەرەگەز "سربی" بووە و دایکیشی "سلۆڤاکی" بووە. بەڵام شاعیر بە درێژاییی ژیانی، خۆی بە هەنگاری دادەنا و لە هەڵبەستێکیدا دەڵێت:



بیتۆڤی

گەر بە هەنگاریش لە دایک نەبوومایە

ئەوا بەپەلە هەر دەچوومە پاڵ ئەم میللەتە.

بیتۆڤی لە میانی خوێندنی دواناوەندییدا بە یەکێک لە خوێندکارە باشەکان دەژمێردرا. بە چڕی دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکان.

بە هۆی نەدارایی و نەبوونیی بنەماڵەکەیەوە لە تەمەنی پازدە ساڵیدا وازی لە خوێندن هێنا و، رووی کردە پایتەخت و لەوێدا وەک ئەکتەرێکی کۆمپارس لە شانۆدا کاری کرد. زۆری پێ نەچوو دەستبەرداری

کاروباری نواندن بوو . له ساڵی ۱۸۳۹دا له شاری "سۆپۆرن"دا بوو به سەرباز. ئەگەرچی سەردەمی عەسکەری زۆر سەخت و دژوار بوو، بەڵام بێ وچان دەیخوێند و رۆشنبیرییەکی ئەوروپایی هاوچەرخانەی وەرگرت و چەندین زمان فێربوو وەک ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی.

زۆر جار شاکارە ئەدەبییەکانی بە زمانە رەسەنەکان دەخوێندەوە. چەندین شانۆنامەی شاعیری ئینگلستانی "ولیەم شەکسپیر"ی وەرگێڕایە سەر زمانی هەنگاری.

هەمیشە بە رۆژ سەربازی دەکرد و بە شەویش دەیخوێند و سەردانی برادەرە ئەدەب دۆستەکانی دەکرد. لە ساڵی ۱۸٤۱دا لە ریزی سەربازی دەرکرا . لە شاری "شۆبرن" بوو بە ئەکتەرێکی گەڕۆک و نەبوونی و دەستکورتی هەردەم بەرۆکی بەرنەدەدا . لە ساڵی ۱۸٤۳دا رووی کردە شاری "براتسلاڤا" لە وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیای ئەو سەردەمە و وەک ئەکتەرێک کەوتە چالاکی.



لەو ساڵەدا چەندین هەڵبەستی نووسی، هەڵبەستی "لە وڵاتەکەمدا"ی بۆ یەکەم جار بە ناوی "بیتۆڤی"یەوە بڵاو کردەوە. لە بەهاری ساڵی ۱۸٤٤دا بە پێ گەڕایەوە بۆ شاری "بشت" و هەڵبەستە نوێکانی خۆی بڵاو کردەوە. شاعیری لاو کەوتە بەر نێزەی نووسەرە کۆنەویستەکان. بەردەوام بەشی شاعیری بەهرەوەر و لێهاتوو هەر کوێرەوەری و نەبوونی بوو. بە تووڕەییەوە تەماشای شاعیر و نووسەرە بەگزادە و راسترەوەکانی دەکرد کە بەسەڵتەنەت و دەسترۆیییەکی زۆرەوە دەژیان. لە ساڵی ۱۸٤۷دا بیتۆڤی کیژێکی خۆش ویست بە ناوی "جۆلیا"وە و لە پاش چەند کێشەیەک خواستی، ئەوەبوو "جۆلیا - خۆشەویستی - شۆڕش" بوون بە هەوێنی زۆربەی هەڵبەستەکانی شاعیر. توانیی "کۆمەڵەی نووسەرە نوێخوازەکان" دابمەزرێنێت، کە لە دواییدا ئەو کۆمەڵەیە بوو بە بزووتنەوەیەکی سیاسی و هەر ئەوانیش بوون بە داڕێژەری شۆڕشی پازدەی مارسی ساڵی ۱۸٤۸ لەو بەروارەدا شۆڕشی میللەتی هەنگاری دژی ئەمبراتۆرییەتی نەمساویی داگیرکەر بەرپابوو. بیتۆڤی بە قەڵەم و بە شمشێر بەشداریی لەو شۆڕشەدا کرد. هەر لەو رێگەیەدا وەک پاڵەوانێک کوژرا و ئاواتەکەی هاتە

دی کە لە هەڵبەستێکیدا پێشبینی کردبوو و لەو هەڵبەستەیدا گوتبووی:

**ئەو تەنیا شتەی کە نیگەرانم دەکات**

**ئەوەیە کە لە نێو پێخەفدا بمرم**

**خوایە لە مردنی نێو جێگە بمپارێزە**

**با لە مەیدانی جەنگدا بکەوم و**

**خوێنی سوور**

**لە دڵە پەرۆشەکەم بچۆڕێتەوە.**

خواستەکەی شاعیر هاتە دی و لە ڕێکەوتی سی و یەکی مانگی تەمووزی ساڵی ١٨٤٩دا لە جەنگی "سیجیتفار"دا لە رۆمانیا کوژرا. میللەتی هەنگاری هەواڵی مردنی شاعیریان نەچوو بە گوێدا و بڕوایان پێ نەکرد، بۆ ماوەیەکی زۆر هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی بوون. شاعیر بە درێژاییی ژیانی عاشقی خۆشەویستی و ئازادی و سەربەستی بوو لە هەڵبەستێکیدا دەڵێت:

**ئازادی و خۆشەویستی**

**ئەو دوو شتەن**

**کە عەوداڵیم و خۆشم دەوێن...**

**لە پێناوی خۆشەویستیدا**

**ژیانی خۆم بەخت دەکەم**

**بەڵام دەستبەرداری خۆشەویستی دەبم**

**لە پێناوی ئازادی و سەرفرازیدا...**

بەگیانی لە خۆبوردن و هەستێکی شاعیرانەوە لە هەڵبەستی "ئەی چارەنووس ڕێم بدە"دا دەڵێت:

**ئەی چارەنووس لێم گەڕێ هەناسەیەک بدەم**

**ڕێم بدە لە پێناوی مرۆڤایەتیدا بە شتێک هەڵسم**

**با کڵپەی ناسکی ناخم**

**بە خامۆشی و بەبێ سوود نەکوژێتەوە**

**لە نێو دڵمدا مەشخەڵێکی ئاسمانی هەیە**

**هەموو دڵۆپێکی خوێنم دەسووتێنێ**

**هەموو ترپەیەکی دڵم نوێژێکە**

**لە پێناوی بەختەوەریی مرۆڤایەتیدا**

**ئاخ .. خۆزگە وشەکانم دەبوون بە کردەوە**

**چونکە قسەی رووت پووکە**

**مردن لە پێناوی بەختەوەریی مرۆڤایەتیدا**

**بەرزترین مانای شادی و جوانییە**

**پێم بڵێ ئەی چارەنووس**

**ئایا مردنێکی ئەوتۆ چاوەڕوانیم دەکات**

**کە بە دەستی خۆم خاچێک دروست بکەم**

**تاوەکو لەسەر گۆڕەکەم دابنرێت؟**



بە رای رەخنەگران جوانترین و ناسکترین بەرهەمی بیتۆڤیی شاعیر هەردوو هەڵبەستی "سروودی سەگ" و "سروودی گەلەگورگ"ە کە لە مانگی یەکی ساڵی ١٨٤٧دا لە شاری "بشت"دا نووسیویەتی. لەلای شاعیر سەگ رەمز و هیمایە بۆ کاسەلێسی و ملکەچی، بەڵام گورگ رەمزە بۆ یاخیبوون و جەربەزەیی و سەرکێشی و رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و گوڕەشەی سروشت. ئەم هەڵبەستەی شاعیر وتەیەکی ژەنەراڵێکی دوژمن بە کوردی بەعسیم دەخاتەوە یاد، کە ئەویش "بارق"ی تاوانباری کوردکوژ بوو کە خۆیشی لە ئەنجامدا بەدەستی سەدامی دیکتاتۆر پارچە پارچە کرا. ئەم گەورە ئەفسەرە لە دەوروبەری شاری کەرکووک لە کاتی کوشتن و بڕین و وێرانکاری و رووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگەی کوردستاندا، بە گەورە جاشێکی ناوچەکەی بە تەوسەوە گوتبوو: «ئەگەر لەبەر گورگ نەبێت من سەگم بۆچییە؟» لێرەدا "بارق"ی خوێنمژ مەبەستی لە سەگ جاشەکان بووە، مەبەستی لە گورگیش پێشمەرگەی کوردستان بووە.

بێگومـان ئەمە راوبۆچوونی ئەو ئەفسـەرە بووە دەرهـەق بە جاش و پـێشمـەرگە. بەڵام ئێمـەی کورد هـەرگیـز بە پێشـمـەرگە ناڵێین گورگ، بەڵکو پێی دەڵێین شێری کوردسـتان. لە هـەمـان کـاتیشـدا بە جاش و چڵکاوخـۆر ناڵێین سـەگ، چـونکە سـەگ وەک گیانلەبەرێکی بێـوەی و بە ئەمـەک و دڵسـۆز لەوان بەرزترە. بـە هـەرحـاڵ بابگـەڕێینەوە لای شـاعـیری هـەنگاریـی مـەزن "شـاندۆر بیـتۆڤی" و بزانـین لە چ روانگەیەکـەوە دەڕوانێت و لە هـەردوو هـەڵبـەسـتـەکـەیدا چی دەڵێت؟

* سروودی سـەگەکان:

**زریانە و چەخماخەیە و گرمە و لرمەیە**
**هەوری رەشی ئاسمان بە هەڕەشەیە**
**ئەوەتا دوو رۆڵەی هاوتەمەنی زستان**
**بەفر و باران دادەبارێن بەسەرمان!**
**بەڵام ئێمە بێباکین و گوێ نادەین بەوان**
**سوچێک بۆ خواردن دابین کراوە بۆمان**
**زۆر دڵنەرمە بەڕێزی خاوەنمان**
**گۆشەیەکی بۆ حەوانەوە و پشوودان**
**تەرخان کردووە بۆمان**
**هەرگیز خۆراک کێشە نییە بۆمان**
**چونکە بەڕێزی ئاغامان**
**بۆمان دادەنێت هەموو بەرماوەکان**
**بەرماوە دەخۆین پڕ بە سکمان**
**ئاخ ... ئاخ ... بەڵام ئاخ...!**
**هەمیشە شوولکی دەستی ئاغامان**
**دەتەزێنێتەوە هەموو لەشمان...**
**دەبێتە مایەی ئازار و ئەشکەنجەمان**
**بەڵام قەیناکە چونکە ئێسکی سەگان**
**زوو بەزوویی دەگیرسێتەوە...**

**هەر کە رق و کینەی ئاغامان دامرکایەوە**
**دۆیهامان لێ دەکات بە خۆشییەوە**
**ئێمەیش هەردوو پێی پیرۆزی**
**ماچ دەکەین و دەیلێسینەوە بە شادییەوە!**

* سروودی گەلەگورگ:

**زریانە و چەخماخەیە و گرمە و لرمەیە**
**هەوری رەشی ئاسمان بە هەڕەشەیە**
**ئەوەتا دوو رۆڵەی هاوتەمەنی زستان**
**بەفر و باران دادەبارێن بەسەرمان!**
**بەسەر دەشت و دەری بێ ژیان**
**دار و دەوەن بەدی ناکرێن**
**تا بیانکەین بە داڵدە بۆ خۆمان**
**سەرما و برسێتی مایەی ئازارە بۆمان**
**لە هەر قوژبن و سووچێکدا**
**هەردەم ئەشکەنجە خۆی مەڵاس داوە بۆمان**
**ئەوەتا شتێکی تریش دێت بەرەو روومان**
**ئەویش لوولەی تفەنگی راوچییە**
**تاوەکو هەڵمان بپێکێت و خوێنی سوورمان**
**برێژێت بەسەر بەفری سپیی تەلان...**
**گەرچی ئێمە لە تاو سەرما و بەفر و بۆران**
**هەڵدەلەرزێت سەرتاپای لەشمان**
**برسێتیش هەڵدەکۆڵێت هەناومان**
**گوللەیش کون دەکات لەشمان**
**بەڵام ئێمەی گورگی دەشت و دەران**
**سەربەست و سەرفراز دەژین لە ژیان.**